# دوا وتە *

بەرای من هاوڕێیەکی راستەقینەی ژنان ئەمڕۆ پێیان دەڵێت ( باژنان دەربارەی خۆیان بێدەنگ بن) (فراسوی خیرو شر، ص ٢٣٢)

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەباس و گفتوگۆوە دەربارەی بنەماکانی بیری نیتشە- دەستمان پێکردو ئەو پرەنسیپە گرنگانەمان روونکردەوە کە لە فۆرمەڵەبوونی بیری نیتشەدا کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە. چەند پرەنسیپێکی وەکو خواستی هێز، گەڕانەوەی نەمر، داهێنانی رۆشنبیریی، بەها تازەکان و رەخنەو وێرانیی رۆشنبیریی و بەها کۆنەکان. پاشان بەبەکارهێنانی ئەم پرەنسیپانە هەوڵمانـدا بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان واتە (ژن لەبیری نیتشەدا ) بخەینەڕوو، و دیدگا(روانگە)کانی نیتشە لەم بارەیەوە باسبکەین. هەردوو دیدگای دژبەیەکی نیتشەمان

* ئەم دوا وتەیە دەربارەی هەموو کتێبەکەیە نەک تەنها بەشی سێیەم کەتەرجومەمان کردووە.(وەرگێڕ)

دەربارەی مەسەلەی ژن و تایبەتمەندییەکانی ژنان بەیانکرد *و لەهەندێ شوێنی باسەکەشماندا ئاماژەیەکیشمان بەسەرچاوە رەخنەییەکاندا دەربارەی هەردوو دیدگاکە. بمانەوێ یان نەمانەوێ بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ نیتشە بەهەردوو دیدگا نێگەتیف و پۆزەتیڤەکەیەوە لەم بارەیەوە بوو بەسەرچاوەی گۆڕانکارییەکی زۆر دەربارەی ژنان و مەسەلە تایبەتییەکانیان. ئەوگۆڕانکارییانەی کەپاشان لەبەشی سێیەمدا لەژێر ناونیشانی -نیتشەو فێمینیزمی هاوچەرخ-دا لێیان کۆڵراوەتەوە کە لەڕاستیدا زیاتر چەند شیکردنەوەو دەربڕین و مامەڵەیەکن کە فیمینیستە هاوچەرخەکان سەبارەت بە ڕاو بۆچوون و بیری نیتشە هەیانە. ئەم مەسەلەیەش بۆ خۆی خستنەڕووی چەند باسێکی لەبوارە جیاوازەکاندا لێکەوتەوە، لە باسی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە بگرە تابواری فیکری فەلسەفی، هەروەها چەند رێگایەکی تازەشی کردەوە دەربارەی تێڕوانینی نوێ لەبواری زمان و فیکردا.

ئەم نووسینە نە وتارێکی ئاگرینە دەربارەی دژایەتی ژن کە بە میرات لەنیتشەوە ماوەتەوەو نە

بەرگرینامەیەکـە لـەبواری مافـەکانی ژنانـدا، بـەڵکو هـەوڵی ئێمـە بـۆ تـەرحکردنی مەسـەلەیەکی تازەیـە دەربارەی ژن و ئامادەبوونی ژن، بەتایبـەتی لەناوەنـدی بـیری فەلسـەفیدا. گومـان لەوەدانییـە کـە ئێمـە بـۆ لێکۆڵینــەوەی دیـدگای نیتشـە دەربـارەی ژن کـارێکی سەختمان لەپێشدایە. نیتشـە نـەدەتوانرێ بەراشـکاویی بـە دژی ژن لەقەڵـەم بـدرێ و نـە ئـەوەی بەئاسـانی مـۆری (فیمینیسـت)ی لێبـدرێ؛ چـونکە هـەروەکو بینیمـــان، بیروڕاکـــانی نیتشـــە دەربـــارەی ژن زۆر تێکچـڕژاو و تەمومـژاویی و نـاکۆکی ئـامێزە هـەروەکو چـۆن زۆر ڕەگـەزی دژی ژنمـان لــە نووسـینەکانیدا دۆزییـــەوە، هـــەروەها لەبەرهەمەکانیـــدا گـــەلێ ڕەگەزیشمان دەربارەی ئەوەش نیشاندا کـە نیتشـە دژی ژن نییـە کەمایـەی سـەرنجن. لـەم ڕووەوە بـە دژی ژن لەقەڵەمـدانی نیتشـە زۆر سـاویلکانە دێتـە بەرچـاو. ڕاسـتە زۆر شـت لەئارادایـە بـۆ دوورکەوتنـەوە لـەوەی نیتشـــە دەربـــارەی ژن وتـــوێتی و نووســـینەکانی بەشـێوەیەکی ناتەندروسـت دژایـەتی ژن بەیاندەکـەن. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، دەبێ بایەخ بەو خاڵـە بـدرێ کە ئەو وتانـەی نیتشـە کەبەڕوکـەش دژی ژنـن تـۆوی

بنەماشکێنی و هەڵوەشانەوەی دژایەتی ژنیشیان لەگەڵ خۆیاندا هەلگرتووە.

ئـەوەی گرنگـە ئـەو مامەڵـەو شـیکردەوانەیە کـە فەیلەســوفە فێمینیســتەکان ســەبارەت بــەڕاوبیرو بۆچـوونەکانی نیتشـە کردوویانـە، هـەروەها سـەراپای قوتابخانــەو ڕێبــازە فەلســەفی و ئــەدەبی و هونــەری و دەروونزانییــەکان و هتــد. ســوودیان لــە ئیلــهامی سەرســووڕهێنەرو ئــەو سەرچــاوە دەوڵەمەنــدەی کەبەرهەمــەکانی نیتشـە خسـتوویانەتە بەردەسـتیان، وەرگرتووە. بەم پێیە، بەکارهێنانی دۆگماو یەکلایەنـە روانــین لـە دیـدگای نیتشـە دەربـارەی ئـەم بابەتـەی باسمـانکرد یـان هـەر بابـەتێکی دیکـە، ڕێگـەی سـوود وەرگــرتن لەتــەواوی ئەندێشــەکانی ئــەم فەیلەســوفە مەزنـە دەگـرێ. نیتشـە تیورسـینێکی گەورەیـە و لـەم رووەوە، نەك تەنها بـۆ فێمینیستەکان بـەڵکو بـۆ زۆری تــر بەتایبــەتی ئەوانــەی لەباســی نــوێی وەکــو بونیادگــەریی و هەڵوەشــانەوە(تفکیــك) و پۆســت بونیادگەریی و هیرمۆنتیکی نـوێ و پۆسـتمۆدێرنیزم و هتــد-دا کاریــانکردووە، بۆتــە سەرچــاوەی کۆمــەڵێ گۆرانکــاریی گــەورە. بۆنموونــە ئــەو شــیکردنەوە

فیمینیستیەی کە لەفیکرو بیروڕای نیتشەوە سەرچاوەی گرتووە، لەژێرکاریگەریی فەیلەسوفە فەرەنسیەکاندا بەتایبەتی فۆکۆو دریدا دایە کەخۆیان لەبیری پۆست بونیادگەرییدا کاریگەرییەکی زۆری نیتشەیان لەسەرە پاشان، تەیاری نوێی فەیلەسوفە فێمینیستەکان کاریگەریی فەیلەسوفانی پۆست بونیادگەرییان کەوتۆتەسەر.

نیتشە رەخنە لەترادسیۆنی عەقلانی خۆرئاواو ئەو رۆشنبیرییە دەگرێ کەبۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەدەوری فەلسەفە بوو، رەخنەی نیتشە لەمەسیحیەتیش هەمان ئەو رەخنەیە لەخۆ دەگرێ کەلە فەلسەفەی دەگرێ. لەراستیدا رەخنەکەی نیتشە هەموو شتێ دەگرێتەوە کە دەیەوێ پیرۆزو باڵا بێت تائەو شوێنەی کەتەنانەت هەمان ئەم رەخنانەی لەپۆزەتیڤیزمیش هەیە. نیتشە فەیلەسوفی رۆشنبیرییەو لەوەش باڵاتر فەیلەسوفی ژیانە، نیتشە سەبارەت بە هەموو شتێ رەشبینە کە ببێتە هۆی لاوازکردن و نکوڵیکردن لەژیان. نیتشە ئەو فاکتەرانەی کە یارمەتی ئەو رەوتە پاشەوپاشەیان داوە، بەفاکتەری ئەپۆلۆنی (خودای هەتاو) دەزانێت

کـە بەسـەر تراژیـدیاو هەرشـتێکدا کەدیڤینیزڤسـییە زاڵبـووەو رۆشـبیرییەکی کـردووە بەفـەرمانرەوا کەمیراتێکـەو لەسـوکرات و بـیری عـەقڵانی ئـەو بـەجێماوە. دژایـەتی نیتشـەش لەگـەڵ جوڵانـەوەی فیمینیستی سەردەمی خۆیدا لەبەر هەمان هۆ بووە، چـونکە ئـەم جوڵانەوەیـەش بەیـەکێکی تـر لـە فاکتـەرەکانی ئـەپۆڵۆنی دەزانـێ کـە بـە ئاراسـتەی رەتکردنـەوەی ژیـان و نەخۆشـکەوتنی دەڕوات و جگـە لـە دوژمنایـەتی هۆیـەکی تـری نییـە. هـەموو ئەمانـە روخساری سوکراتین کەعەقڵ بەباڵاتر لە هەست و بیر بـەباڵاتر لـەژیان دەزانێـت و رۆشـنبیرییەکی نـەخۆش دەهێنێتە ئاراوە.

سەرەڕای دژایەتی ژن لەلایەن نیتشەوەو سوکایەتی کـردن بـەفێمینیزم و رەخنـەگرتن لـەئاکاری کۆیلایـەتی، رەخنـەکانی نیتشـە زوو گـوێگرێکی زۆری بـۆ لای خـۆی راکێشاو لـەنێو هـەموو ئەوانـەدا چـینی کرێکـارو ژنـان لەهـەموویان زیـاترن. راسـتە رەخنـەی نیتشـە لـە لیبرالیـزم و یەکسـانیخوازیی، نیتشـەی لای ئەو فیمینیستە ئەمریکاییو ئینگلیزانە ئەفەرۆز کـرد کەئامانجی سیاسی وئابوورییـان هەیـەو زیـاتر جـەخت

لەسـەر بنـەمای سیاسـی دەکەنـەوە بـۆ رزگـاری ژنـان، بـەڵام بیروبۆچـوونەکانی نیتشـە دەربـارەی سـێکس و هەسـت، رەخنـەی لـەدۆگماتیزم و تەنانـەت لـەبیری دەسـتەبژێری رۆحـانی نیتشـەی لای زۆربـەی ژنـان خۆشەویست کردووە.

نیتشـەش وەکـو فێمینیسـتەکان زۆر لەدۆگماتیزمـە فەلسەفیەکان رەتدەکاتەوە. هـەروەها ئـەو بیروڕایانـەی دەربـارەی هێـز بـوون و پڕبـوون لەمتمانـەو بێچەندوچـوونی ودەسـەڵات، بـە تێڕوانینێکـی نوێـوە لەفەلسـەفەدا، واتـە بەرەخنەیـەکی رۆشـنبیریی جینالۆجیاو سایکۆلۆجیاوە خستەروو. نیتشە بـاوەڕی بەخواسـتی هێـزو متمانـەی هەیـە لـە قەڵـەمڕەوی ناسیاسـیدا، راسـت لەبـەر هـەمان هـۆ رەخنـە لەپیاوسـالاری یـان بـاوك سـالاریی دەگـرێ و لـەم ڕووەوەیە کە فەلسەفەی نیتشە بۆ زۆر لـە فەیلەسـوفە پیاوسـالارەکان بێزارکـەرە. نیتشـە ئەوەنیشـان دەدات کەباوکسـالاریی لەبـەر ئـەوە متمانـەی خـۆی بەدەسـت نـاهێنێ کـە ئـەو متمانەیـە راسـتە، بـەڵکو حکومـەتی پیاوسالاریی وباوکسالاریی متمانـەی خـۆی لەبـەر ئـەو هێـزەی کەهەیـەتی و لەراسـتیدا لەرێگـەی زۆرو

سـەرکوتکردنەوە بەدەسـت دەهـێنێ. لێـرەدا چـەمکی خواسـتی هێـزی نیتشـە، مانایـەکی زۆر گـرنگ وەردەگـرێ. کـە ئەوەیـە کـە خواسـتی هێـز لەچەوسانەوەی ئەوی دی و باڵادەستی نییـە بەسـەریدا بەڵکو خواستی هێز خواستێکی باڵادەسـتی خـودە. ئـەم مەسەلەیەش ئەوەمان پێدەڵێت کە زۆر شـیاوتر دەبـوو ئەگـەر باسـی ڕەخنـەی نیتشـەمان بکردایـە لـەپیاو سالاریی و هێـزی باوکسالاریی کەئەمـەش بۆخـۆی زۆر زووتـر یارمـەتی دەدایـن لەبەدەسـتهێنانی ئامانجەکەماندا.

لەم ڕووەوەیە کەباسی هێزو خواستی هێز لە بیری نیتشـەدا بـۆ فێمینیسـتەکان زۆر گـرنگو پـڕ بایـەخ دەبێ. مەبەستی نیتشە لـە دەسـەڵات، ئـەو هێـزە نییـە کەباوکسـالاریی و حکومـەتی پیاوسـالار لـە هەنـدێ شـوێنی بوارەکـانی ژیانـدا پیـادەی کـردووە بـەڵکو خواستی هێز چەمکێکی باڵاترو فراوانترە.

نیتشـە بەبایەخدانـە تایبەتییەکـەی بەچـەمکی تۆڵەسـەندنەوە ڕێگـە بـۆ فەیلەسـوفە فێمینیسـتەکان ئاواڵـە دەکـات، ئـەو ڕێگەیـەی کـە تیایـدا ئـەوە نیشـان بـدەن کـە تـاکو ئێسـتا تۆڵەسـەندنەوەی پیـاوان، ژنـانی

ئــەم لێکۆڵینەوەیــەی کــە کردمــان، تێڕوانینێکــی گشـتی سـەبارەت بەبابەتەکـە خستەڕوو کـە هەریەکـە لەم  بابەتانە بۆخۆیان بەتەنیا دەتوانن تەرحێ بـن بـۆ خوێندنەوەی نوێ و سەربەخۆ.

چەند بابەتێکی وەکو شوێنی ژن لـەبیری هونـەریو ئێســـتاتیکای نیتشـــەدا، کاریگـــەریی نیتشـــە لەســـەر فێمینیزمـــی شـــیکاریی کاریگـــەریی نیتشـــە لەســـەر فێمینیزمــی  سیاســی، پەیوەنــدی ژن و راســتی، ژن و هونـــەر، ژن وژیـــان، ژن و عـــەقڵ لـــەبیری نیتشـــەدا، پەیوەنـــدی فێمینیزمـــەکان بەپوچـــگەرایی نیتشـــەوە پەیوەنـدی فیکـرو مێـژووی فەلسـەفە لەگـەڵ سێکسـدا، رۆڵـی ژن لـە پێگـەی بـیری فەلسـەفیدا، زمـان و فکـری تایبـــەتی ژنـــان، نووســـینی ژنانـــەو گـــەلێ بابـــەتی تـــر کەپێویســـتیان بەخوێندنـــەوەو لێکۆڵینـــەوەی زیـــاتر هەیە.

